۱۴۰۸۸۸۶

www.ketab.ir

# دان‌پێدانان

نووسەر: جەک لەندەن

وەرگێڕ: زانیار قادرزادە

| | |
|---|---|
| سرشناسه | : لندن، جک، ۱۸۷۶- ۱۹۱۶ م. London, Jack |
| عنوان و نام پدیدآور | : دان‌پیدانان/ جه‌ک له‌نده‌ن |
| مترجم | : زانیار قادرزاده |
| مشخصات نشر | : تهران: انتشارات جنگل، جاودانه، ۱۳۹۵ |
| مشخصات ظاهری | : ۱۳۶ص ۱۴/۵×۲۱/۵س م. |
| شابک | : ۹۷۸-۶۰۰-۳۱۶-۴۸۵-۷ |
| وضعیت فهرست‌نویسی | فیپای مختصر http://opac.nlai.ir |
| یادداشت | کتاب حاضر از متن فارسی تحت عنوان«اعتراف» به کردی برگردانده شده است. |
| یادداشت | عنوان اصلی: The road: Confession |
| | داستان‌های آمریکایی، قرن ۱۹ میلادی |
| شناسه افزوده | عناوی کتیب به کوردی: دان‌پیدانان |
| | قادرزاده، عبدالرحمن (زانیار)، ۱۳۶۵ |
| رده بندی دیویی | PS ۱۳۳۵/الف۶ ۸۱۳/۵۲ |
| شماره کتابشناسی ملی | [illegible] |


www.ketab.ir


دان‌پیدانان

نووسه‌ر: جه‌ک له‌نده‌ن

وه‌رگێڕان له‌ ئینگلیسییه‌وه‌ بۆ فارسی: ئه‌سغه‌ر میهدی‌زاده‌گان

وه‌رگێڕان له‌ فارسییه‌وه‌ بۆ کوردی: زانیار قادرزاده

پێداچوونه‌وه‌: یوونس ڕه‌زایی

پیت‌چن: شادی ئارامیده

ڕووبه‌رگ: فاتمه‌ به‌کری

سالی چاپ: ۱۳۹۵ی هه‌تاوی

به‌رگه‌ژمێر: ۱۰۰۰

نرخ: ۱۰۰۰۰ تمه‌ن


ئیمه‌یلی وه‌رگێر: zanyar.qaderzadeh@gmail.com

# پێرست


پێشڕیار ........................................ ٥

دانپێدانان ........................................ ١٢

قۆڵبەستکردن ........................................ ٤٥

کوشتنی مرۆڤ ........................................ ٧٣

کولائوی کون ........................................ ١٠٣


www.ketab.ir

# پێش‌بار

جەک لەندەن ڕۆمان‌نووس و چیرۆک‌نووسی بەناوبانگی ئەمریکایی ساڵی ١٨٧٦ ی زایینی لە "سانفرانسیسکۆ" لەدایک‌بوو. پاش ئەوەی خڕەکە بوو، پێی هەڵگرت و فامی کردەوە، بەسەر ناخۆشییان‌دا کەوت. لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەی نەدار و دەست‌تەنگ بوون، ناچار بوو کار بکا و شانی دایە بەر کرێ‌کاری لێرولەوی، ڕۆژنامەفرۆشی، شاگرد قاوەچیتی و گەلێک کاری دیکە.

پاش ماوەیەک لە "سانفرانسیسکۆ" باریان کرد و چوونە "ئۆکلەند". لە تەمەنی چاردە ساڵی لە قوتابخانەدا ڕێزمانی ئینگلیسی خوێند، بەڵام بەهۆی دەست‌کورتی و باری نالەباری بنەماڵەکەی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا و بەناچاری لە کارخانەیەکی کۆنسێڕوسازی خەریکی کار بوو. بەختەوەرانە

www.ketab.ir

کارکردن لە هەڕەتی منداڵی‌دا لەشی پتەو کردبوو و لە هیچ شتێک نەدەپرینگاوە. جەک زۆرجاران کە بێزار دەبوو، بۆ ئەوەی برێک ئارام بێتەوە، بۆی دادەنیشت و دەستی دەکرد بە ئارەق‌خواردنەوە. لەو شوێنانەی ئارەقی دەخواردەوە، لەگەڵ هێندێک مەلەوان و ڕاوچیی نەهەنگ ئاشنا بوو و خۆی لەگەڵ ڕێکخستن. ئەو ناسیاوییە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی بەشێوەی نائاسایی فێری ڕاوی مرواری بێ. کاتێک وەرزی ڕاو بەسەرچوو بۆ ماوەی سێ مانگان چاک لێی ڕاهات و تێی‌دا شارەزا بوو.

پاشان بۆ قەدەرێک گەڕایەوە "سانفرانسیسکۆ" و لەوێش‌ڕا چۆوە "کالیفۆرنیا". نزیکەی ساڵێک بەسەر سەفەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکای‌دا تێپەڕی کە وەخۆ هاتەوە و دەستی لە کاری خراپ هەڵکرد و ڕەوشت و ئاکاری پێشووی وەلا نا و حەولی دا دڵی دایکی بە کاری چاک خۆش بکا. جەک لە نۆزدە ساڵی بڕیاری دا بگەڕێتەوە موتالاخانەی دواناوەندی و دەست بکاتەوە بە خوێندن. لەلایەکەوە کاری دەکرد و لەلایەکیشەوە دەرسی دەخوێند. وردەوردە لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، بەتایبەت حیزبی "سۆسیالیست"، ئاشنا بوو. جەک لە مێرمنداڵی‌ڕا سەری لە موتالا و خوێندنەوەی بەرهەمەکانی "کارڵ مارکس"، "ئێنگێلس" و "نیچە" دەخورا و لەو بەستێنەدا هەر شتێکی وەدەستی کەوتبا، دەیخوێندەوە. هەر لەو سەفەرانەشی‌دا بوو کە لە "سۆسیالیزم" وەکوو

بنەمایەکی فکری حاڵی بوو و دەیویست لە ژێر هێژمۆنی و باڵادەستیی ئەم فکرەدا زیاتر بخوێنێتەوە و خۆی پێ بگەیێنێ.

لە هێندێک شوێنان نازناوی "کوڕی سۆسیالیستی ئۆکلەند"یان لێ نا. کاتێک تەمەنی بەرەو ژوور هەڵکشا و گەورە بووە زۆرجاران حەولی دا لە هەڵبژاردنی شارەوانیدا سەرکەوتوو بێ، کەچی وا نەبوو. جەک دەیویست تێکەڵاوی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بێ، بەڵام چون دەرس و قوتابخانەی بە جێهێشتبوو و تەواوی نەکردبوو و نەچووبووە زانستگە؛ دەبوو لایەکی هەڵبژاردبا. لە ئاکامدا بوو بە ئەندامی حیزبی "کرێکاری سۆسیالیست" و لە قوتابخانەش وەدەریان نا، بەڵام چون دەیویست وەدوای ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی بکەوێ، بە هەر شێوەیەک بوو چووە زانستگەی کالیفۆرنیا و لەوێ وەریانگرت. هێشتا پولی مانگ تێنەپەڕیبوو کە هەلومەرج و بارودۆخی نالەبار و ناخۆشیی زاڵ بەسەر زانستگەدا دڵساردی کردەوە و وازی لە خوێندن هێنا و دەستی کرد بە خوێندنەوە و نووسین.

لە ساڵی ١٨٩٦ لەگەڵ کۆمەڵێک کەس کە لە زێڕ دەگەڕان، چووە "کلاندایک". ئەوەندەی لە باکوور بوو زۆر شت فێر بوو و کۆمەڵێک ئەزموونی وەسەریەک نا. لە ئاکامدا گەڕاوە "ئۆکلەند" و ئیدی لەوێوە سەرکەوتنەکانی دەستیان پێ کرد و ساڵی ١٩٠٠ کتێبی "ئۆدیسەی باکوور"ی نووسی و بڵاوی کردەوە کە سەبارەتە بە دۆزینەوەی زێڕ. ئەم کتێبە سەرنجی

خەلکـــی زۆر ڕاکێشـــا و هەر ئەوەش بـــوو بە هۆکارێـــک کە کتێبەکە زۆری لێ بفرۆشرێ و لەو ڕێیەوە پوولێکی باش خڕ کـاتەوە، بەلام هەرچـی پەیـدای دەکـرد بەشـێوەیەکی سـەیر خەرجی دەکرد و دەیخوارد. نووسـەرێکی پڕکار بوو و هەر لەوان سـەردەمان‌دا ٥١ ڕۆمـــان، ١٢٥ کـــورتەچیرۆک و ٤٦ بەرهەمی خۆی بلاو کردەوە. شێوازی نووسین و داڕشتنەکەی سادە، بێ‌گرێ‌وگۆل و خۆش بوو. لە هەڕەتی لاوی‌دا سوالی کردبوو، کەچی لە سالانی دوایی تەمەنی‌دا کتێبەکانی ڕمێنیان زۆرترو سالێکەی بیست‌وپێنج هەزار دۆلاری پوول وەدەست کەوت.

لە سـالی ١٩٠٣ چیرۆکـی "ئاوازی کێـوی" بـلاو کـردەوە کە باس لە سەفەری "گرێندایک" دەکا و بەسەرهاتی سـەگ‌گورگێکە بە ناوی "باک". سەگ‌گورگەکە پاش ئەوەی خزمەتـی ئەربـابەکەی دەکـــا، وەفـــاداری، کـــوێرەوەری و ئەو نەهامەتییـــانەی لە دارسـتان‌دا بەسـەری هـاتبوون، زیاتر دلگەرمـی دەکـا و هەر لەبەر ئەربابە دلۆڤانەکەی لە نێو بنیادەمان دەمێنێتەوە. هەر کە ئەربـابەکەی بە دەستی کۆمەلێک خەلکی نوحیی دەکوژرێ، دەچێتەوە دارسـتان تـا ڕەگەل ئەژداد و تورەمەی خۆی کەوێ و لە نێو خزمانی دارستان‌دا ئاوازی شادی و خۆشی بچڕێ. پاش ئەم ڕۆمانە، سالی ١٩٠٤ چیرۆکی "گورگی دەریا"ی بلاو کـردەوە کە ڕووداو و بەسـەرهاتی دەریـا دەگێـڕێتەوە؛ ئەم چیرۆکە لە سـەرەتادا وەبیرهێنەوەی چیرۆکی "موبی دیک" لە نووسـیـنی " میلویـل"ە کە ڕوخسـاری ترسـناکی کاپیتـان

"لارسین"ی قارەمانی کتێبەکە وێنا دەکا. ئامانجی نووسەر لەم بەرهەمە هەر شتێک بووبێ، باسی چیرۆکێکی پڕکارەسات و تایبەتە.

جەک لەندەن ساڵی ١٩٠٤ و لە گەرمەی شەڕی نێوان ڕووسیە و ژاپۆن ڕاونرا و دوور خرایەوە. لەگەڵکوو گەڕایەوە، ژنی هەوەڵی تەڵاق دا و ژنێکی دیکەی هێنا. کەشتییەکی کڕی تا بە دەوری دونیادا بسووڕێتەوە، بەڵام لە ئوستوڕالیاوە زیاتر نەڕۆیی. جەک لەندەن ڕۆمانی "دان‌چەرموو"، چیرۆکی "مارتین ئیدین" و "جان بارڵی" شی نووسیوە، هاوکات هێندێک چیرۆک و ڕۆمانی سادە و ئاشقانەشی هەیە کە بریتین لە "دەربەندی مانگ"، "ئەستێرەی خڕ"، "کوڕی گورگ" و "ئەوینداربوونی ژیان".

لە ساڵی ١٩١٣ بەولاوە بەرهەمەکانی بە دونیادا بڵاو بوونەوە و بۆ زۆربەی زمانەکانی دونیا وەرگێڕدران و بوو بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین و بەناوبانگترینی نووسەرانی سەردەمی خۆی. بە قسەی خۆی "من بۆ بڵاوکەرەوە کتێب دەنووسم نەک بۆ دڵی خۆم." جەک بۆ پووڵ وەسەریەکنان ئەو کارەی کردووە، بەڵام ئەو کارانەی فەلسەفەیەکی تایبەتیان لە پشت بووە؛ فەلسەفەیەک کە لەسەر بنەمای بیروبۆچوونی "مارکس" دارێژراوە و بەرەنگاریی بەردەوام و بێ‌پسانەوەی مرۆڤ بۆ ڕزگاربوون لە چنگ هەژاری و دەستکورتی بوو. جەک پاڵپشتی لیقەوماوان، هەژاران و چارەڕەشان بوو.

یاخی‌بوون لە دژی کۆمەڵگا و بیروباوەڕی پڕوپووچ باڵی بەسەر نووسراوەکانی‌دا کێشاوە.

ئەم بەرهەمەی ئێستا دەیخوێننەوە بریتییە لە چوار کورتەچیرۆک: "دان‌پێدانان" و "قۆڵبەستکردن" بەسەرهاتی بەرەڵڵایی و زیندانی‌کرانی خۆنی. "کوشتنی مرۆڤ" باسی دزی کردنی پیاوێکە کە ژنێکی جحێڵ بەسەری‌دا دەکەوێ و دمەتەقێی نێوان دزە و ژنەیە. هەروەها "کولائۆی گول"یش سەبارەت بە سوورپێستەکانی ئەمریکا، کە وردەوردە زەوی‌وزاری خۆیان وەردەگرنەوە.

لە کۆتایی‌دا ئەوەی پێویستە بگوترێ بەڕێز "ئەسغەری مێهدی‌زادەگان" ئەم کورتەچیرۆکانەی کردوونە فارسی و منیش هێناومەنە سەر زمانی کوردی. ڕێز و پێزانینیشم هەیە بۆ مامۆستا و دۆستی بەڕێزم کاک یوونس ڕەزایی کە زەحمەتی پێداچوونەوەکەی کێشا و لایەکی کارەکەی بۆ گرتم. سپاسیش بۆ کاک سەلاحەددینی ئاشتی کە زۆر خاڵی وردی وەبیر هێنامەوە. ڕێز و خۆشەویستی و ئەمەگناسیشم بۆ بەڕێزان سەلاح پایانیانی و کەماڵ مەولوودپوور کە هەمیشە پاڵپشت و پشتیوانم بوون و لە خودام تەڵەبە هەر چاکەیان بێتە ڕێ.

زانیار قادرزادە
سەرماوەزی ٩٤ی هەتاوی

www.ketab.ir